# خەون...

سەرهەنگ حەمە ساڵح

من زەندەقم لەم سەردەمە
عاجباتیە چووە..
دوێنێ لە خەنەبەندانی ڕەنگاوڕەنگ
شیرینیان بۆ فەرهاد گواستەوە..!
دێوانە سەرچۆپی گرتبوو..
سەرلە لە نوێ..لە پەنا پەردەی شەرمدا
مەو زین چاوبڕکێیان بوو..
گوێم لێ بوو..نالی بە حەبیبەی دەگوت
وا گەڕامەوە...
ئەمڕۆ تەرمی پاشایەکیان هینایەوە..
بەکوڵ گریان..بەکۆڵ تەرم..گەڕایەوە..
بەیانی لە ژێر سێبەری
دیموکراسیەکی کارتۆنیدا..ڕێ پێوانە
دروشمەکان سنووردارن..درووست کراون
بواری گۆڕانیان نی یە..!
دوو بەیانی یادی شەهیدێکی..قارەمانە
بەرۆکی کچ و کوڕ
لەجیاتی بۆنی ئەوینێکی پاك..گوڵە باخێك
پارچە پەڕۆیەکی ڕەشی پێوە لکاوە..!
هەر لەم کاتە.. خەونم بینی
ئەوانەی هەگبەیان تێك نا..
بەرەو نامۆ سەریان هەڵگرت
لە خەونمدا گەڕانەوە..

**داگیرکەر وولاّتەکەمی جێ هێشتبوو..!**

**خۆمان خاوەنی خۆمان بووین..**

**ئەم دوو گڕەی بە چێژی حەز..گلّپەی دەکرد**

**بوو بوو بە یەك..**

**هەر لەم شەوە ئەفسووناویە**

**لەگەڵ تاسەی گرمەیەکی ماڵ وێرانی**

**لە خەو ڕابووم..!**

Xamosh_serheng@yahoo.com